ئەگەرەکانی تر..



مەریوان وریا قانع دەینووسێت

# ناکۆکییەکانی بەر لەهەڵبژاردن

لەسپێدەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقیدا دوو گوتاری سیاسی ناکۆك لەکوردستاندا ئامادەن، یەکەمیان داوای بەشدار بوونی بەرفراوانی کورد دەکات لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقداو ئەم بەشدار بوونە بەئەرکێکی نەتەوەیی گرنگ ناو دەبات، دووەمیان رێك بەپێچەوانەی ئەمەوە داوای بایکۆتو بەشدارینەکردنی خەڵکی کوردستانو دەرەوەی کوردستان دەکات لەو هەڵبژاردنانەدا. یەکەمیان بەشدار نەبوون لەهەڵبژاردنەکاندا وەك ناپاکیکردن بەرامبەر بەکورد ناونووس دەکات. دووەمیان بەشدار نەبوون وەك هەڵوێستێکی نەتەوەیی راستەقینەو دڵسۆز بەکوردو کوردستان لەقەڵەم ئەدات. گوتاری یەکەمیان گوتاری حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەو گوتاری دووەمیش گوتاری کۆمەڵێك کۆچبەرو خوێندەواری ناوەوەو دەرەوەی کوردستانە.

لەساتێکی مێژوویی گرنگو ناسکی وەك ئەمڕۆدا دابەش بوونی خەیاڵو عەقڵییەتی سیاسی کوردیی لەنێوان ئەم دوو بۆچوونە دژ بەیەکەدا، دەربڕی ئەو قەیرانە قووڵەیە کە ناسیۆنالیزمی کوردی رۆژگارێکی درێژە بەدەستییەوە گیرۆدەیە، مەبەستم قەیرانی نەبوونی لانیکەمی ئیجماعی سیاسیو نەبوونی دیدو پرۆژەو کاری هاوبەشە بۆ ئێستاو ئایندەی نەتەوەیی ئێمە. ئەم دابەش بوونە ئەوە نیشان ئەدات چۆن ئەم ناسیۆنالیزمە تەنانەت لەئاستە هەرە گشتییەکانی دارشتنی ستراتیژیدا دابەشو پارچە پارچەیەو چۆن لۆژیكو عەقڵو خەیاڵێکی نانەتەوەیی ئاراستەی بڕیارەکانی دەکات، ئەگەر چی ئەم دوو دیدە لەم ئاستە سیاسییە رووکەشەدا دژ بەیەكو جیاوازو ناکۆکن، بەڵام لەقوڵاییدا هەردووکیان هەڵگری لۆژیکێکی نانەتەوەیین.

بەر لەشیکردنەوەی ئەم بۆچوونە با جارێکی تریش کۆمەڵێك راستی سادە دەربارەی بوونی نەتەوەیی دووبارە بکەینەوە، نەتەوە سیفەتێك نییە خودا لەرۆژی یەکەمەوە بەمیللەتە جیاوازەکانی بەخشیبێت، یان دەستێك لەدەرەوەی مێژووەوە هێنابێتیو لەناو مێژوودا نیشتەجێی کردبێت. نەتەوە شتێك نییە بوونێکی سروشتی هەبێت، وەك چۆن رەشەبا بەفرو لافاو لەسەرەتای سەرەتاکانەوە بەشێکن لە سروشت ئەویش ئاوا بەشێك بووبێت لەبوونی مرۆڤ، نەتەوە شتێکە دروستکراو، مێژوویی، قابیلی مانەوەو تێکشکان. هەلومەرجو دۆخو سیاسەتێکی دیاریکراو دروستو بەهێزی دەکاتو هەلومەرجو دۆخو سیاسەتێکی دیکە پارچە پارچەو لاوازی دەکات، ئەوەی نەتەوە دروست دەکاتو دەیپارێزێتو دەیهێڵێتەوە سێشتە، یەکەم قوتابخانە، دووەم بازاڕ، سێیەم چاپخانە.

لەقوتابخانەدا زمانی هاوبەشو عەقڵییەتی هاوبەشو توانای بەڕێوەبردنو تازە کردنەوەی دامەزراوە نەتەوەییەکان بەرهەم دەهێنرێت، واتە ئەو زانیارییو توانایانە بەرهەم دەهێنرێت کە نەتەوە بۆ بەڕێوەبردنو گەشەدان بەبوونی مەعریفیو دارشتنی عەقڵییەتی دەستە جەمعیو توانای بەڕێوەبردن پێویستی پێیەتی، لەبازاڕدا ئەو توانا مادییانە بەرهەم دێت کە نەتەوەیەك بۆ دابین کردنی بنەما ماددیو ئابوورییەکانی ژیانی تاکەکەسیو پێکەوەیی پێویستی پێیەتی. لەچاپخانەشدا ئەو خەیاڵو فانتازیاو کولتوورە سیاسیو رەمزییە بەرهەم دێت کە بۆ بەرهەم هێنانی خەونی هاوبەشو خەمی هاوبەشو تەماشاکردنی هاوبەش پێویستە.

لەکوردستانی دوای راپەڕیندا هەموو شتێك لەم سێ شوێنەدا بەرهەم هاتووە نەتەوەو پێداویستییەکانی بوونی نەتەوەیی نە بێت، لەقوتابخانەدا ئەو زانیارییانە بەرهەم نەهاتووە کە نەتەوە بۆ گەشە کردنو دارشتنی عەقڵییەتێکی مەعریفی پێویستن، بەرهەمیش هاتن ئەوانەی کە دەزگا نەتەوەییە گرنگەکانیان بەڕێوە بردووە هەڵگرانی ئەو زانیاریانە نەبوون، بەڵکو ئەو کەسانە بوون کە سەر بەحیزبو بنەماڵەو خێڵە بەهێزەکانی کوردستان بوون، خزمو کەسوکارو پسمامی سەرکردەو دەسەڵاتدارانی ناو حیزب بوون، (ئەمە جگە لەوەی کە دەزگای نەتەوەیی لەکوردستاندا بوونی نییەو هەرچییەك هەیە ملكو سامانو تاپۆی حیزبە).

ئابووری کوردستانیش لەفۆرمی ئێستایدا جگە لەوەی ئابوورییەکە توانای بەخێو کردنی خەڵکی کوردستانی نییە، لەبەر لاوازی پێکهاتی پیشەسازیی وڵاتەکە، لەهەمانکاتدا ئابوورییەکە حیزبو بنەماڵەو نوخبەیەکی دەسەڵاتداری بچووك داگیریان کردووە، ئابووری کوردستان بەشێوەیەکی ترسناك لەهەموو سیفەتێکی نەتەوەیی داماڵراوەو بێهیچ بەهاو رێکخستنو یاسایەك بەڕێوە دەبرێت، لەڕاستیدا ئەرکی سەرەکی ئەم ئابوورییە بەخێو کردنو ئیدارەدانی خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو سەر لەنوێ بەرهەم دەسەڵاتدارەیە کە لەکوردستاندا حاکمە، چاپخانەش ئەوەندەی گوتارێکی حیزبی بێناوەرۆكو بێفیکرو بێمەعریفەو بێقوڵایی بەرهەم دەهێنێت، سەد یەکی ئەوە دیدێکی نەتەوەیی کراوەو رەخنەییو راستکەرەوە بەرهەم ناهێنێت، ئا لەم هەلومەرجە مێژووییو سیاسیو ئابوورییە تایبەتەدایە ئەو دوو گوتارەی سەرەوە دەست بەکارن.

ئەوانەی داوای بەشدار بووی خەڵکی کوردستان دەکەن لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا کە بێگومان پارتیو یەکێتی گرنگترینیانن، بەدرێژایی ساڵانی ئازادی دوای راپەڕین لەدەرەوەی هەر سیاسەتو کارو بیرکردنەوەیەکی نەتەوەییدا کاریان کردووە، ئەم دوو هێزە لەرووی عەمەلییەوە بەلۆژیكو عەقڵییەتی بەر لەدروست بوونی نەتەوە کاریان کردووەو کار دەکەن. تا ئەمڕۆکەش هیچ یەکێکیان نەیتوانیوە لەو هاوکێشە جەهەنەمییە دەرباز بێت کە حیزب بەنەتەوە یەکسان دەکات. ئەم دوو هێزە نەك هیچ نرخێکیان بۆ ئیرادەی گشتی خەڵکی کوردستان دانەناوە، بەڵکو گوێشیان لەهێزێکی گەورەی وەك ئەمەریکا نەگرتووە کە لەساڵی ١٩٩٧ەوە لەهەوڵی یەکخستنەوەی ئیمارەتە حیزبییەکانی هەولێرو سلێمانیدایە، ئەم لۆژیکە نانەتەوەییە کارێکی کردووە لەهەموو کوردستاندا یەك دەزگای نەتەوەیی بوونی نەبێت، نەخێر چاپخانەیەك یان رۆژنامەیەك یان قوتابخانەیەك یان یەك پرۆژەی ئابووری نەتەوەیی بوونی هەبێت کە لەسەرووی حیزبەوە بێتو کورد وەك نەتەوە خاوەنی بێت، ئەم نوخبە حیزبییە ناوچەییو خزمخوازو خێڵەکییە تەنانەت نەشیتوانی لەپێنج ملیۆن کوردی عێراقی لیستێك بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادە بکات خاڵیبێت لەکەسانی بێتواناو گومانلێکراوو رابردوو پیس. ئەم نوخبەیە خەڵکی کوردستانی رووبەڕووی واقعێك کردۆتەوە کە دەنگدان تیایدا لەباتی هەست کردن بەسەروەری تووشی کیشەی ویژدانی بکات.

ئەوانەشی کە داوای بەشدار نەبوونی خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەن باز بەسەر پێدراوە واقیعیو سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردییو بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکەیدا دەدەن. سەرەڕای ئەمە ئەم داواکارییە تا ئەمڕۆش بێپلانو بێبەرنامەو بێفیکرەو سنووری بەرزکردنەوەی دروشمێکی رۆمانسیانەی تێنەپەڕاندووە.

سادەترین پێداویستییەکانی سەربەخۆبوونی سیاسی پشتگوێ خستووەو ئاسۆی کردنەوەی هیچ ئەلتەرناتیڤێکی واقیعیشی پێنییە. پشت ئەستوور نییە بەبوونو ئامادەگی هێزێکی مێژوویی رێکخراو چالاك. هەڵگرانی ئەم داوایە پێمان ناڵێن ئایا کۆڵەکە ماددیو سیاسییەکانی ئەگەری جیابوونەوە چین؟ ئایا ئەو مەترسیو نەهامەتیو موغامەرانە چین کە داواکردنی جیابوونەوە دەیانخاتەوە؟ کێ ئەم پرۆسەی جیابوونەوەیە سەرکردایەتی بکات؟ کام هێزی ناوچەییو نێو دەوڵەتی لەپشتی ئەم پرۆسەیەوەن؟ ئایا کورد بەتەنها توانای پیادەکردنی ئەم کارەی هەیە؟ ئایا کۆمەڵگای کوردی ئامادەیەو دەتوانێت باجی هەڵگرتنی ئەم دروشمە بدات؟

نانەتەوەیی بوونی ئەم لۆژیکە لەوەدایە کە باز بەسەر ئەم پرسیارە گرنگانەدا ئەداتو رۆمانسییەتێکی سیاسیو ناکامڵ وەك ئەگەرێکی مێژوویی راستەقینە بەخەڵك دەفرۆشێت. لۆژیکی نەتەوەیی هەرچییەك بێت ئەوە نییە دروشمو داواکاری رۆمانسییانە بەرز بکەیتەوە لەغیابی ئامرازی پیادە کردنی ئەو دروشمانەدا. دڵسۆزانی نەتەوە ئەوانەن ئەگەرە مێژووییەکان دەخوێننەوەو کاری راستەقینە لەسەر ئەو ئەگەرانە دەکەن، نەك لەنێوانی رۆمانسییەتو واقیعی نەتەوەییدا جیاکاریەکی سادەیان بۆ نەکرێت.

ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان لەبەردەم ئەگەری سەرلەنوێ دارشتنەوەی عەقڵو یاساو دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقیدان بەشێوەیەك بکرێت بەشێکی گرنگی داواکارییەکانیان بسەپێنن. (تکایە خوێنەر لەوە ئاگادار بێت من باس لەئەگەر دەکەم نەك حەتمیەت)، بەڵام ئەم ئەگەرە واقعییەو هەلومەرجێکی مێژوویی دروستی کردووە کە دەشێت دەرەنجامی باشی لێهەڵهێنجرێت. بۆیە بەشدار بوونی خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردنەکاندا گرنگە، بەڵام لەمەش گرنگتر خەباتی دوای هەڵبژاردنەکانە بۆ گۆڕینی لۆژیكو خەیاڵو تەماحی نانەتەوەیی حیزبە باڵا دەستەکانی کوردستان، دەبێت بڕیاری بەشدار بوون لەهەڵبژاردنەکاندا بەشێك بێت لەبڕیارێکی گەورەتر بۆ سەر لەنوێ دارشتنەوەی کۆڵەکەکانی دەسەڵات لەکوردستان خۆشیدا، خەبات کردن دژ بەدەسەڵاتی ناوەند هەڵقەیەکە لەخەبات کردن دژ بەلۆژیکی کارکردنی دوو ئیمارەتە حیزبییەی لەکوردستاندا سەروەرن.




# دوای هەڵبژاردن چی دەبێت؟

شێوان ئەردەڵان

هەڵبژاردنی کوردستان ئەگەرچی ئارەزوویەکی چەندین ساڵەی خەڵکی کوردستانە، بەڵام ئەستەمە بە ئاسانی کێشە گەوهەرییەکانی دەسەڵات لە کوردستاندا یەکلایی بکاتەوە.

رەنگە هەموومان کۆك بین لەسەر ئەو پێش بینییەی کە دەڵێت لیستی یەکگرتووی پارتیو یەکێتی، زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەباتەوە. بەڵام کێشەی راستەقینە لەدوای ئەم سەرکەوتنەوە(!) دەست پێدەکات.

خەڵکی کوردستان وا چاوەڕێ دەکەن کە ئەم هەڵبژاردنە لانی کەم کێشەی دوو حکومەتیمان لەکۆڵ کاتەوەو پەرلەمانی داهاتو حکومەتێکی یەکگرتووی لێ دروست ببێت. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئاخۆ بەراست ئەو گرێ کوێرەیە دەکرێتەوە؟ ساڵانێکە گوشارو پارانەوەی خەڵكو تەنانەت ناوبژیوانیی زلهێزێکی وەکو ئەمەریکاش نەیتوانیوە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەبێ کوردستان بکەنەوە بە خاوەنی یەك ئیدارە. ئاخۆ هەڵبژاردن ئەو عەسا سیحراوییە بێت ئەم کارەیان پێ بکات؟

پێم وایە هەڵەیەکی گەورەیە تەنها لەدروشمو نیەتە ئاشکرا کراوەکاندا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بگەڕێین، بەڵکو دەبێت وردترو راشکاوانەتر قسە بکەین: دیارە گرنگترین بنەماکانی هەموو ئیدارەیەکی حکومی بریتین لە دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، ئاسایشی ناخۆو هێزی بەرگری یان لەشکر.

هەشت ساڵە بە کردەوە، دەسەڵاتی سیاسیی کورد دابەش بووە بەسەر دوو ناوچەدا. تەنانەت ئەو کاتەش کە حکومەتی هەرێم یەکگرتوو بوو، بە ئاشکرا تێبینی دەکرا وەزیرەکانی سەر بە یەکێتی لە ناوچەیەكو ئەوانی سەر بەپارتیش لە ناوچەکەی تر قسەیان دەبخوارد. هەموومان لەبیرمانە کە جاری وا هەبوو، فەمانبەرێکی سادە لە ناوچەیەك، فەرمانی ئەو وەزیرەی نەدەخوێندەوە کە سەر بە لایەنەکەی تربوو. لەبری ئەوەش جێگرەکەی کردبووە مەرجەعی خۆی کە سەر بەحیزبەکەی خۆی بوو، فەرمانەکانیشی گەلێك جار پێچەوانەی وەزیرەکە بوون. دەشێت پاش هەڵبژاردنی داهاتوو کێشەی وەزیرو جێگرەکەی نەمێنێت، بەڵام ئاخۆ بەڕاستی قسەی وەزیرێکی سەر بە پارتی لەناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی، یان وەزیرێکی یەکێتی لەناوچەی دەسەڵاتی پارتی دەخوات؟ تەنانەت ئەگەر دوو حیزبەکە لەسەر دابەشکردنی کابینەی حکومەتیش رێك بکەون، ئاخۆ لەسەر ئەرزی واقیع ئامادە دەبن لەو ناوچانەدا کە خۆیان هێزی یەکەمن، کارێك بکەن کە وەزیری سەر بە حیزبەکەی بەرامبەر خاوەنی دەسەڵاتی راستەقینە بێت؟

چەند ساڵە پارتیو یەکێتی، هەر یەکەیان لەناوچەی دەسەڵاتی خۆیاندا، خاوەنی راستەقینەی داهاتو ئابوورینو هەرچی هەیەو نییە لەدەستی خۆیاندایە. ئایا دوای هەڵبژاردن کەسیان رازی دەبێت بێ پێچو پەناو راستگۆیانە هەموو سەرچاوەکانی داهات تەسلیمی حکومەتی یەکگرتووی هەرێم بکات؟ پاشان ئایا ئەو حکومەتە (کە بێگومان سەرۆکەکەی لە لایەکیان دەبێت)، ئامادە دەبێت دەست لە ئینتیمای حیزبی خۆی هەڵگرێتو عادیلانە داهاتی کوردستان دابەش بکات؟ ئایا دەتوانن کێشەی وەزارەتی داراییو دابەشکردنی داهاتەکان لەنێو خۆیاندا چارەسەر بکەن؟

رەنگە لەمانەش ناسکترو ئاڵۆز تر مەسەلەی ئاسایشو هێزی پێشمەرگە بێت. پێش سەرهەڵدانی شەڕ، تەنها ناوی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمان هەبوو. هەر بەڕێوەبەرو ئەفسەرە بڕیاری لە حیزبەکەی خۆیەوە وەردەگرت، نەك لەوەزارەت. ئەوە با هەر باسی ئەو ناوە بێ ناوەرۆکە نەکەین کە پێی دەوترا لەشکری یەکگرتووی کوردستان. هەر زوو بۆمان دەرکەوت ئەمەیان جگە لە سەرابێك هیچی تر نییە. پاش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆش، چەندین نموونەی لەو چەشنەمان بینی کە پۆلیس یان پێشمەرگەیەکی سەر بە یەکێك لەم دوو حیزبە، لە ئەفسەرو بەرپرسەکەی خۆی هەڵگەڕایەوەو تفەنگی لێ راکێشا. تەنانەت لەئەنجامدا وای لێهات کە پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەتەواوی بوونە مولکی حیزبو تەنهاو تەنها گوێ بەفرمانی حیزب بوون، نەك حکومەت. بگرە لە قۆناغێکدا ئەرکی سەرەکییان بووە داکۆکی کردن لەحیزبەکەی خۆیانو هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنو بچووك کردنەوەی حیزبەکەی تر، نەك پاراستنی کوردستان لە دوژمنە دەرەکییەکانو جاسوسو پیلانگێڕەکانیان. ئەمڕۆ ئەستەمە باس لەشتێك بکەین کە ناوی هێزەی پاراستنی کوردستان یان ئاسایشو لەشکری کوردستان بێت. ئەوەی هەیە، لە پلەی یەکدا لەشکرو ئاسایشو پۆلیسی سەر بە حیزبە.

کە حاڵ بەم جۆرە بێت، ئاخۆ پاش هەڵبژاردن چ دەستێکی ئەفسووناوی دەتوانێت هەموو ئەم کێشانە چارەسەر بکاتو ئەو هێزانە بە ئاسانی لەدەستی حیزب بسەنێتەوەو تەسلیمی حکومەتی یەکگرتوویان کات؟

بەکورتی، هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر وا بزانین هەڵبژاردنو پەرلەمانی نوێ هەموو کێشەکانمان چارەسەر دەکەنو هیچ خەمێکمان نامێنێت. پێم وایە ئەم کێشانەو دەیان کێشەی وردتری لەم جۆرە چاوەڕێی پەرلەمانو حکومەتی داهاتوو دەکەنو دەبێ چاوەڕێ بین بزانین ئاخۆ دوو حیزبە سەرەکییەکە سەرەنجام لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدا دەبن کە بۆ یەکجارو بۆ هەمیشە ئەم کێشانە چارەسەر بکەن، یان دەگەڕێنەوە سەر خاڵی سفری هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٩٢و جارێکی تر دەمانگەیەننەوە بنبەستی ساڵی ١٩٩٤؟



هیوایەکی زۆر بەیەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتی هەرێم پاش هەڵبژاردن هەیە - هاوڵاتی

## سەدام حسەین لە گەڵ خێزانەکەیدا لە قەتەر بە نهێنی دیدار دەکات

**ئاژانسەکان:** بە پێی ئەو هەواڵەی کەلە ئاژانسەکانەوە بڵاوبووەتەوە سەدام حسەین سەرۆکی پێشووی عێراق بۆیەکەمین جار پاش دەستگیر کردنی لە لایەن هێزی هاوپەیمانانەوە، لە گەڵ خێزانەکەیدا دیدار دەکات.

بە پێی ئەم هەواڵە رۆژی یەکشەممەی داهاتوو، دیکتاتۆری پێشووی عێراق دەبرێتە دەوحە پایتەختی قەتەر و لەوێ لە گەڵ ژنە ئەوەڵەکەی و دوو کچەکەی دیدار دەکات.

چەن حەوتووی رابردوو وەزیری حکومەتی کاتی عێراق سەردانی پایتەختی قەتەری کردو پاش سەردانە رەسمییەکەی، چاوی بە رەغدی سەدام کەوت، دەوترێت لەم دیدارەی رەغد وعەلاویدا باس لە ئامادەکارییەکان ورێکخستنی دیداری سەدام و خێزانەکەی کراوە.

ئەم هەواڵە ئەوەش روون دەکاتەوە کە بەرپرسانی عێراقیی و قەتەری و هێزەکانی ئەمەریکا بە نهێنی لەسەر ئەوە رێك کەوتوون کە ئەم دیدارە لە زیندانی بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە قەتەر پێك بێت.

ئەم دیدارە رێکەوتە لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٣٠ ژانویەدا، تائێستا حکومەتی کاتیی عێراق لە بەرامبەر ئەم هەواڵ و راپورتانەدا هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە.

## لە کەرکوك دوو بۆری نەوت تەقێندرایەوە

**کەرکوك، پ. هاوڵاتی:** رۆژی ١/٢٣ کاتژمێر (١١) ی شەو لەسەر رێگای (ریاز- کەرکوك) دوو بۆمبی چێنراو تەقییەوەو بوو بەهۆی تەقینەوەی دوو بۆری نەوت لە نێوان هەردوو ناوچەی (سەرای)و (سەفرا).

## لافیتەیەکی پارتی لە گوندی کانی سپیکە دەدڕێنرێ

**شارەزوور .پ. هاوڵاتی:** پاشنیوەڕۆی دوێنی لەبەر چاوی بەرپرسێکی یەکێتی لافیتەیەکی پارتی بەیەکێك لە دیواری گوندی کانی سپیکەوە دڕێنرا.

لە پەوەندییەکی تەلەفۆنیدا شەفیق ئەحەمەد بەرپرسی کۆمیتەی سەید سادقی یەکێتی بەهاوڵاتیڕاگەیاند" دوای ئاگادار کردنەوەمان لەلایەن لیژنە ناوچەی پارتییەوە، ئێمە پەیوەندیمان کرد بەو کەسەوە ئەم کارەی ئەنجامداوە وتی ئەو لافیتەیە بەماڵەکەمدا هەڵواسراوە بۆیە لێم کردۆتەوە، هی هەرلایەنێکی تریش بوایە لێم دەکردەوە.

## دوو تەرم لە کەرکوكو ئاڵتون کۆپری دەدۆزرێنەوە

**کەرکوك .پ. هاوڵاتی:** تەرمی پیاوێکی نەناسراو رۆژی (١/٢٣) لە نزیك گەڕەکی (١)ی حوزەیران لە کەرکوك دۆزرایەوە، ئەم پیاوە بە گوللە کوژراوەو ناسنامەی ئاشکرانیە هەر لە هەمان رۆژدا تەرمی (لاوێك) لە ئاوی ئاڵتون کۆپریدا دۆزرایەوە کە ئەمیش ناسنامەی ئاشکرانیە.